سەروتار



سەرنووسیار

# با زیندووەکانمان زیندوو ڕاگرین

کە کارەساتی یەکی شوبات ڕوویدا لە پرسەنامەکەیدا جاکسترۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دوای دەربڕینی نیگەرانی خۆی دەربارەی شەهید سامی عەبدلڕەحمان وتی ئەو پیاوە سالانێکی زۆرە کاری لەسەر دیموکراتیزەکردنی ئەو هەرێمە دەکرد. خۆزگە پێشتر پێش لە دەسدانی ئەو پیاوە گوێمان لەو قسەیە دەبوو...

لەو ماوەیەدا د. فازڵ جافم دوواند کە بۆ ئیمارات بانگهێشت کرابوو دەبوو بچێ لە بەریتانیا موحازەرەیەک پێشکەش بکا بۆ (١٥٠) بەریتانیانی لە لەندەن

بەزمانی ئینگلیزی کە ئەو لەو کەسانە بوو وەک پەنجەی دەست دەستنیشان کرابوو دەیگوت دوای ستایشم بۆ ئەوەی بچم لە گلاسگۆ شانۆیەک دەربهێنم پێیان دەوتم تۆ ملّکی ئەم وڵاتەی، چونکە لێرە خووێندووتە، هەروەها ڕووسەکان پێی دەڵێن تۆ سەفیری ئێمەیت چونکە تێزی دکتۆراکەت لە وێندەر خوێندووە. کەچی کە دێتەوە ئەم هەرێمەی خۆمان و دەیەوێ بەردێ لەسەر بەردێ دابنێ. نەک هەر ستایش ناکرێ و کەس بەسەفیر و موڵکی ئەم وڵاتەی نازانێ. کەچی ئەو پیاوە نەباتییە باسی گۆشت خواردنەکەی دەکەن کە نایخوا...

غەریبە ئەم هەرێمەی ئێمە، لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە دەیانوت با بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح و مەریوان... هتد هیچ دواندێک نەدەن چونکە ئێمەش بەقەد دەستەسڕێ زەویمان پێ بەخشیوون...

لەتیف هەڵمەت وتەنی بچوکترین نووسەری عەرەب نییە بیست جار خەڵات نەکرابێ کەچی ئەو ڕۆشنبیرانەی ئێمە ئاوهایان دەرحەق دەکەن کە سەد هێندەیان قابیلە. غەریبە ئەو جیهانەی ئێمە... پیاوێکی وەک پیرەمێرد و موکریان یەکەمیان خانووەکەی ڕەهن دەکرد بۆ چاپخانەی ژین و ئەوی دیش لە حەلەبەوە پیت و وشەی کوردی دەهێنایە ئەم هەرێمەوە. جەخار چیمان بۆیان کرد بەزیندووی ئەو پەیکەرەی کە پێیان دەوت لای... دابەزین هەیە... ئای کە قەومێکی غەریبین کەس لە ڕەنگمان نییە. لەو دووایەش بەدران ئەحمەد بەهەوڵی زۆری چاپخانەیەکی لە وڵاتی ئەڵمانیاوە هێنا... ئای کە چرکەی خۆشە و بەخششی بۆ ئەم هەرێمە لە بن نایە، کەچی جەخار سەدان تیرو توانجمان لە دەرەوە گوێ لێ دەبێ... زۆر جار دەبینم خەریکی هەڵەگری کتێبێکە کە ٦٠٠– ٧٠٠ لاپەڕەیە ئەو قەلەندەرە بۆ فاریزە و لامێکی قەڵەوە شەونخونی دەکا، بەڵام کە دەچیتە دەرێ هەناسەی ساردی ئەوتۆت گوێ لێ دەبێ ڕەنگە تەنها هەر وتەی ئەم هەرێمە بێ، ئای ئەدی بۆ دەست خۆشی ناکەن زمانی حەسادەت و ئیرەیی کوێری کردوین. کە بۆ خۆمان و میللەت و کەلتوور و پاشەڕۆژمان نقەمان لە دەمەوە نایەت لە خراپە زیاتر. ئای کە قەومێکی نەگبەتین... چاومان بەپێشکەوتووەکانی خۆماندا نایا... ئەوانەی وڵاتان شانازیان پێوەدەکەن... کە زادەی قوتابخانەی ئەوانن و بەڵام بۆ ئێمە کە کوڕی ئاووهەوای ئەم خاکەن و دەیانەوێ بەخشش پێشکەش بکەن پێمان خۆشە ڕۆژێک پێشتر بییانکوژین و دواتریش ئەو زمانانە دەبڕین بەهەڵە و خەوشێک باسیان بکا... ئەی ئەدی ئێستا چ بووە چ قەوماوە.